# Tekoshan

No.131

The Organ of Central Committee The Organization Struggle of Kurdistan - Iran

Second Course Twenty threeth Year Nomber ((131)) 30of Befranbar 2707 Kurdish Colemdar falling no 1385 Hijri I Falling 24th Janu 2008



**ئادرەسی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، لەسەر شەبەکەی جیهانی ئەنتەرنێت**

ئادرەسی سایتی ئەنتەرنێتی سازمان: http://www.sazmanikhabat.com کۆمیتەی ئافرەتانی سازمان: komitay_ afratan@yahoo.com

Email: tekoshan20002003@yahoo.com

هەروەها، ڕادیۆ دەنگی خەباتی کوردستان بەشێوەی زەفت کراوی بەرنامەکانی لەسەر ئەنتەرنێت بڵاو دەکاتەوە، بەم ئادرەسە:

Email: dangikhabat2003@yahoo.com http://www.khabatmedia.com/radio

نوێنەری سلێمانی: ٠٧٣٠١٠٦٢٣٧٩ و ٠٧٧٠٣٥٦٢٨١٤

٠٠٩٦٤٦٦٢٥٢٩٥١٨ ئاریافون ـ – ٠٧٥٠٤٤٩٧١٣٨ کۆڕك تیلکۆم – ٠٧٧٠١٤٨٩٠٨٤ ئاسیاسێل

Email:Sazmanikhabat@hotmail.com sazmanikhabat@yahoo.co.nz

Fax: ٠٠٩٦٤٦٦٢٥٢٩٥١٨ - ٠٠٤٤٧٠٦٩٩٢٩٥١٨

بۆ پێوەندی کردن بە نوێنەرایەتی هەولێر بەم ژمارە تەلفونی ٠٠٩٦٤٦٦٢٢٢٠٨٦١ و pewandi_hawler@yahoo.com


## بە ژیانێکی سلامەت ١٤ ساڵ تەمەن درێژتر دەبێ




لە ئاکامی لێکۆلینەوەیێك دەردەکەوتوە وەرزش کردن، نەخواردنی مەشروب و خواردنی میوە و سەروزی و سیگار نەکێشان دەبێتە هۆی ئەوەی ١٤ ساڵ تەمەن درێژتر بێ.

لەو لێکۆلینەوەدا کە بیست هەزار کەس بەشداریان تێدا کردوە، دەرکەوێ ئەو کەسانەی ئەو خاڵانەیان لە بەر چاونەگرتوە، ئەگەری مردنیان زووتر دەبێ.

ئەو ئاکامەی وەدەست هاتووە لە جێ بە جێ کردنی هەموو خاڵەکان سەرەڕای وەزعی مادیی و پووڵی و یا ڕادەی قەڵەوی، سەلمێندراوە.

ئەو لێکۆلینەوە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٩٣ تا ٢٠٠٦ لەلایەن دانشگای کمبریج و شۆرای لێکۆلینەوە پزیشکیەکان لە شاری نورفولکی ئینگلستان ئەنجام دراوە.

تەمەنی بەشدار بووان لەو لێکۆڵینەوەدا لە٤٥ تا ٧٩ ساڵ بوو، ئەو کەسانە لە چینە جیاجیاکانی کۆمەڵ پێك هات بوون و زیاتریان سپی پێست بوون و تا ڕادەییێکیش ئاگاداری وەزعی سەلامەتی خۆیان لە کاتی ئەو لێکۆلینەوەدا کە تووش نەخۆشی سەرەتان نەبوون.

بۆ هەر کەس لە بەشدار بووان دیاری کراو بوو، کە سیگار نەکێشن، مەشروب نەخۆن یان زۆر کەم بخۆن، لە رۆژێکدا پێنج جار سەوزی و میوە بخۆن، هەروەها رۆژی نیو سەعات وەرزش بکەن، یا کارەکەیان بە شێوەییێك بێ هەڵسوڕانی تێدا بێ.

لێکۆڵەرەوان بۆیان دەرکەوتوە، ئەو کەسانەی ئەو رێنوێنیانەیان ئەنجام داوە لە کاتی لێکۆڵینەوەکاندا، مەرگیان کەمتر بوو، هەروەها دەرکەوت مەترسی مردنی کەسێکی ٦٠ ساڵە کە ئەو بەرنامە و رێنوێنیانەی ئەنجام نەداوە لەگەڵ کەسێکی ٧٤ چوار ساڵە کە رێنوێنیەکانی ئەنجام داوە بەرانبەر بووە.

کی، تی کاو، بەرپرسی دەستەی لێکۆڵەرەوەکان دەڵێ پێش تر دەمان زانی سیگار نەکێشان و وەرزش کردن دەبێتە هۆی تەمەن درێژی، بەڵام ئەوە بۆ یەکەمین جار ئەو تاقی کردنەوە تازە ئەنجام دەدەین.

## پێوەندی زیاتر لە نێوان رۆژئاوا و ئیسلام، دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر خۆرئاوا




لە نووسینی (فەرەنسیس هەرسیون) ڕاپۆرت نووسی بی بی سی، وەرگێڕ عەلی

ئاکامی ڕاوەرگرتن لە خەڵکی ٢١ وەڵات لە سەراسەری جیهاندا ئەوە دەردەخا کە زۆربەی خەڵکی ئوروپا پێوەندی زیاتر لەگەڵ ئیسلام بە هەڕەشە بۆ سەر رۆژئاوا دەزانن.

ئەو ڕاپرسیە کە لەلایەن ناوەندی ڕا وەرگرتنی گالوپ و بۆ دامەزراوی ئابووری (داویسی) وەڵاتی سویس، کۆکراوەتەوە یەکەمین ڕاوەرگرتن لە نەوعی خۆیدا، کە لە هەر کام لە ٢١ وەڵات، پرسیار لە ١٠٠٠ هەزار کەس کراوە.

بە پێی ئەو ڕا وەرگرتنە زۆربەی خەڵکی ئوروپا لەوانە ٧٩ لە سەدی خەڵکی دانمارك، پێ یان وایە ئیسلام هەڕەشە لە ناسنامەی فەرهەنگیان دەکا.

خەڵکی بەشێك لە ئوروپا کۆچ کردن بە سەرچاوەی ئەو هەڕەشەیە دەزانن.

بەڵام لە ئەمریکا، کانادا و ئیسرائیل زۆربەی دانیشتوانیان بە پێچەوانەی ئوروپاییەکان پێوەندی زیاتری ئیسلام و رۆژئاوا بە هۆییێکی باش دەزانن.

بە پێی ڕاپرسی، سەنتەری گالوپ، خەڵکی وەڵاتانی موسوڵمان زیاتر ریز بۆ رۆژئاوا دادەنێن، لە هەمانکاتدا وا هەست دەکەن رۆژئاوا ریز بۆ موسوڵمانان دانانێن.

کاتێك لە موسوڵمانان پرسیار کراوە کە رۆژئاوا بۆ باش کردنی پێوەندی دەبێ چیی بکا؟ زیاتری موسوڵمانان وەڵامیان داوەتەوە، کە دەبێ رۆژئاوا رێزی زیاتر لە موسوڵمانان بگرێ و کۆتایی بە بێ رێزی بەرامبەر موسوڵمانان بێنێ.

لە ئاکامی ڕاپرسیەکەدا، هەرکام لە وەڵاتان بە پێی بەرچاو روونیان، ئەو کەسانەی وەڵامیان داوەتەوە سەبارەت بە ووتووێژی رۆژئاواییەکان و ئیسلام ریزبەندی کراون.

وەڵاتی بەنگلادش لە سەرەوەی ئەو ریزبەندیەدایە. لەو ڕاپۆرتەدا هاتوە کە لەوانەیە بەنگلادش یەکێك لە هەژارترین وەڵاتانی جیهان بێ بەڵام خەڵکی ئەو وەڵاتە لە ریزی بەرچاوروونترین خەڵکی جیهانن.

## ڕژیمی ئێران هەموو بیر و بۆچوونێك سەرکوت دەکا

ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ رۆژی دوو شەممە ١٧ی بەفرانبار لە ڕاپۆرتێکدا، رایگەیاند ڕژیمی ئێران بە پشت بەستن بە قانوونی ئەمنیەتی جیاجیا زۆربەی بیر و بۆچوونەکان سەرکوت دەکا.

بە پێی ڕاپۆرتی ئەو رێکخراوەیە ڕژیمی ئێران بە کەڵك وەرگرتن لەو قانوونانە، زیندانیەکان بە بێ تاوان و بێ ئەوەی پارێزەریان هەبێ بە زیندانی درێژماوە و زیندانی تاکە کەسی یان بۆ دەبرێتەوە.

ئەو ڕاپۆرتە ٥١ بەرگەییە کە ناوی لێنراوە دەکرێ هەر کەسێك بە هەر هۆییێك بگیرێ و هەروەها ناوی دووهەمی ڕژیمی ئێران سەرکوتی هەڵسوڕاوە سەربەخۆکان بە شێوەی بەربلاوتر سەرکوت دەکا، بلاو کراوەتەوە و بە سەرنجدان بە زیاتر بوونی گیرانی کەسانی هەڵسووڕ کە لە دوو ساڵی ڕابردوودا کەوتوونە بەر لێکۆلینەوە و لێپرسینەوەی قانوونی.

بە پێی ڕاپۆرتی سایتی رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ، سارا لی ویتسون بەرپرسی بەشی خۆرهەڵاتی ناوەراستی ئەو رێکخراوەیە دەڵێ قانوونی جۆراوجۆر لە ئێراندا هەن کە رێگە بە دەسەڵات دەدا تا هەر نەوعە هەڵسوڕانێکی ئاشتیخوازانە کە بە بۆ چوونی دەسەڵاتداران رەخنە لە سیاسەتەکانیانە سەرکوت بکەن.

بە ووتەی خانمی ویتسۆن بەرپرسان دەتوانن مافی سەرەتایی خەڵك پێشێل بکەن دوای ئەوە راگەێنن کارەکانیان یاساییە.

لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە دەسەڵاتداری ڕژیمی ئێران هەر کەسێك بە هەر بیانوویێك کە پێ یان خۆش بێ دەگرن، نمونەی زۆریان هەیە کە چاودێری مافی مرۆڤ دەڵێ لە زیندانیەکان و شاهیدی روداوەکان و هەروەها لێکدانەوەی وردی قانوونی ئەمنیەتی ئێران وەدەستیان هێناوە.

ئەو ڕاپۆرتە زیادی کردوە، ڕژیمی ئێران، بە بیانووی مەترسی ئەمنیەتی درێژە بە گرتن و بە بێ بەش کردنی هەڵسووراوانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە دەست راگەیشتن بە دادگای لێپرسینەوەی سەردەمیانە دەدا.

هەڵسووراوانی مەیدانی مافی ئافرەتان کە داوای ئاڵ و گۆڕی قانوونی جیاوازی دانانی رەگەزی لە ئێران، دانشجوەکان، کرێکاران، رۆژنامە نووسان، لێکۆڵەرەوان بەشێکن لەوانەی کە داوای ئاڵ و گۆڕ لە قانوونی جیاوازی دانان دەکەن و زۆربەیان هیچ ڕابردوویێکیان لە کاری سیاسی دا نیە.

لە ڕاپۆرتی چاودێری مافی مرۆڤ، هەروەها ئەوە دەست نیشان کراوە کە لە پووشپەڕی ساڵی ١٣٨٤ی کۆچی خۆری و لەو کاتەی ئەحمەدی نژاد بۆتە سەرۆك کۆماری رژیم، بەرپرسانی دەسەڵات بە شێوەییێکی بەرین بە بیانووی پاراستنی ئاسایش ئازاردانی کەسانی سەربەخۆیان پەرە پێ داوە.

لە بەشەکانی دوایی ڕاپۆرتی چاودێری مافی مرۆڤ ووتەکانی ئەو کەسانەی کە ماوەییێك زیندانی بوون بە بەڵگە هێندراوە. ئەو کەسانە لە ووتوێژ لە چاودێری مافی مرۆڤ گوتوویانە کە لە کاتی گیرانیان لە بەندی ٢٠٩ی زیندانی ئەوین کەوتوونە بەر شکەنجەی دەروونی و جەستەیی.

یەکێك لە زیندانیانی ڕابردوو گوتوویە، زیندانبانەکان بە پیسترین و ناشیرین ترین ووشە بە خۆمان و ئەندامانی خانەوادەمان بێ رێزیان دەکرد، هەڕشەیان لە ئێمە دەکرد و دەیان خستینە ژێر شکەنجە، پێ یان دەگوتین دەمان نێرنە، بەندی زیندانیە مەترسیدارەکان وەك زیندانی ئەندامانی القاعیدە، سەبارەت بە کەس و کار و خۆشەویستانمان هەواڵی درۆیان دەداینێ و بۆ ترساندنمان بەڵگەی ساختە و دروست کراویان پیشان دەدایین.لە کۆتایی ئەو ڕاپۆرتە ٥١ بەرگەییەدا رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ داوای لە رژیمی ئێران کرد، قانوونە شاراوەکان و هەروەها ئەو قانوونانەی رێگە بە دەوڵەت دەدا، دەوڵەت قانوونە نێودەوڵەتیەکان پێشێل بکا و نەهێڵێ ئازاد ڕادەربڕین، کۆبوونەوەو پێك هێنانی سەندیکا، بە شێوەی سەرەرۆیانە سەرکوت نەکا و ئەو قانوونانە لابەرێ یان ئاڵو گۆڕی تێدا بکرێ.

رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ داوای لە ڕژیمی ئێران کردوە، لەگەڵ زیندانیەکان بە پێی بڕیارە نێودەوڵەتیەکان هەڵس و کەوت بکا و رێگ بدا بەندی ٢٠٩ لە زیندانی ئەوین بکەوێتە بەر چاودێری رێکخراوی زیندانیەکان و یا بە یەکجاری دابخرێ.

***

***

## خەڵاتی ئازادیی چاپەمەنی لە سوئید بەخشرا بە عەدنان حەسەنپوور



خەڵاتی ساڵانەی ئازادیی چاپەمەنی لەلایەن رێکخراوی هەواڵنێرانی بێ سننور لە سوئید، بەخشرا بە رۆژنامەوانی زیندانی عەدنان حەسەنپوور، بە پێی قسەی بەرپرسی بەشی سوئیدی رێکخراوی هەواڵنێرانی بێ سنوور، خەڵاتی ئازادیی چاپەمەنی ساڵی ٢٠٠٧ی سوئید بەخشرا بە عەدنان حەسەنپوور.

عەدنان حەسەنپوور، هەڵسوڕاوی مەدەنی و خەباتکاری باری رۆژنامەوانی، لە زیندانی رژیم چاوەروانی جێ بە جێ کرانی حوکمی ئیعدام دەکا کە لەلایەن دادگای ئینقلابی رژیمی ئاخوندی لە شاری سنە، بەسەریدا سەپاوە.

لە بەیاننامەیێکدا کە بە بۆنەی بەخشینی ئەو خەڵاتە لەلایەن بەشی سوئیدی رێکخراوی هەواڵنێرانی بێ سنوورەوە بلاوکراوەتەوە، داوای کردوە رۆژنامەوانانی بەندکراو عەدنان حەسەنپوور و هیوا بوتیمار ئازاد بکرێن.

## ووتەی بەنرخ

**کاتێك مرۆڤ سەبارەت بە لایەنگری لە هێندێك بیروڕا لە ژیانی هەڵدەبڕێ و ناتوانێ ژیانی خۆی دابین بکات، ئاشکرایە کە شتێك بەناوی ئازادیی بیرکردنەوە نیە. (بیرتراند راسیل)**

**هەرکەس ویستی کردەوەیێکی نامرۆڤانە ئەنجام بدات، بۆ پاکانەو دڵدانەوەی خۆی دەڵیت: هەرچێك بێ منیش مرۆڤم. (هاریس)**

### ((دەنگی خەباتی کوردستانی ئێران))

**دەنگی خەباتی کوردستانی ئێران،**

**دەنگی پێشمەرگە تێکۆشەرەکانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێرانە**

**دەنگی خەباتی کوردستان، هەموو ڕۆژێ بەرنامەکانی بۆ ماوەی سەعات و نیوێک،**

**یەک سەعات بە زمانی کوردی و نیوسەعات بە**

**زمانی فارسی، لە سەعاتی ٧/٣٠ بۆ ٩ی ئێوارێ بەکاتی تاران، لەسەر شەپۆلی کورت، ڕەدیفی ٧٣ میتر بڵاو دەکاتەوە. دەقی ئەو بەرنامە لەسەعاتی ٧/٥ بۆ ٩ی بەیانیی ڕۆژی دوایی سەرلەنوێ بڵاو دەکاتەوە.**

## بڕوخێ ڕژیمی ئاخوندیی ئێران